گۆران ساڵح:

# پێمخۆشە کۆنسێرتێك لەمەخموور سازبکەم

**گۆران ساڵح یەکێکە لە ئەستێرە لاوەکانی هونەری کوردی، لەساڵی ١٩٨٥ لەشاری رەواندز لەدایکبووە، ساڵی ١٩٩٤ هاتووەتە هەولێرو قۆناغی خوێندنی تادەگاتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان تەواو دەکات. ئێستاش لەقۆناغی چوارەمی کۆلێژی هونەرە لەزانکۆی سەلاحەدین دەخوێنێ، ساڵی ٢٠٠٩ بەباشترین لاوی ساڵ لەبواری گۆرانیو مۆزیکی کوردی دەستنیشانکراوەو خەڵاتی وەرگرتووە، یەکەم ئەلبومی گۆران ئەمساڵ بەناوی (یادی تۆ) بڵاو کرایەوە، جگە لەمەش لەهەفتەی رابردوو هاوسەری ژیانی دەست نیشانکرد.**

کارزان غەمگین - مەخموور



*** گۆران یەکەمجار بەکاری پێشکەشکاری لە تەلەفزیۆن دەرکەوت ئەمە چۆن بوو؟**

- لەساڵی ١٩٩٧ لەشاشەی تەلەفزیۆنی ئازادی کەناڵی هەولێر بەرنامەی منداڵانم هەبوو، لەساڵی ١٩٩٩ چوومە سەتەلایتی کوردستان تا ساڵی ٢٠٠٨، لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٨ وەکو دانەری رووناکی لە ستۆدیۆی دووی هەولێر کارم دەکرد، لەم بوارەشدا خەڵاتم بەدەستهێناوە. هەروەها لەفیستیڤاڵی زاخۆ بۆ کلیپی کوردی نزیکەی ٨٠ کاری کلیپم ئەنجام داوە بۆ هونەرمەندانی کوردستان لەگەڵ (سامان عەدنان و کاروان زامدار). هەرچەندە زۆر کێشەو بەربەستم هاتووەتە رێ بەڵام هەوڵم داوە بەسەریاندا زاڵ ببم کۆنترۆڵی ئەو حاڵەتانە بکەم، مرۆڤیش تا ناخۆشی نەبینێ سەرکەوتوو نابێ.

*** چۆن دەستت بەکاری هونەری کرد لەبواری گۆرانیو مۆزیك؟**

- یەکەم گۆرانی لەساڵی ٢٠٠٥ بڵاوکردەوە بەناوی (گوڵی تەمەن) لەهۆنراوەی (فەرید مەخمووری)و ئاوازی (مەبەست عەبدوڵڵا) لەلایەن (سامان عەدنان) کاری کلیپکردنی بۆ کرا، دوای پێنج ساڵ کارکردن ئەلبومێکم بەناوی یادی تۆ بڵاوکردەوە، کە لە ١١ تراك پێکهاتبوو، تێکستەکانم هەموو رۆمانسین، ئاوازەکانیش چوار ئاواز هی خۆم بوو، حەزدەکەم لەگەڵ ئاواز دانەر کاربکەم، ئەگەر هەموو ئاوازەکان هی خۆم بێ لەوانەیە کارەکەم هەموو لەیەك بچن، کەسیش ناتوانێ بەتەنیا هەموو کارەکان بکات.

*** بۆچی تێکستەکانت هەموو رۆمانسین؟**

- چونکە ستایلەکەم رۆمانسیە، بەڵام هەوڵدەدەم لەداهاتوو کار لەسەر تێکستی نیشتیمانیو کۆمەڵایەتیش بکەم، بۆ ئەوەی خزمەتی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا بکەم، حەزیش دەکەم گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بڵێمەوە.

*** گۆران حەز بە چ ئامێرێك دەکا؟**

- بە پلە یەك ئامێری عود دەژەنم، عود ئامێرێکە خاوەن گێژو قورساییەکی تایبەتەو زۆر نەرمە، لەرێگەی عودەوە دەتوانی زۆرترین ئاوازو مەقام دەربهێنی، بۆ گۆرانیبێژ زۆر سوودی هەیەو زۆریش خۆشەویستە لەلام. هەروەها جومبوشیش دەژەنم، ئێستاش خەریکم خۆم فێری ئامێری ساز دەکەم.

*** گۆرانییەکی هاوبەشت لەگەڵ نازدار هەیە، بیرۆکەی ئەو کارە چۆن بوو؟**

- ئەوە بیرۆکەی کاك سامان عەدنان بوو، پێشکەشی منو نازداری کرد، ئێمەش قبوڵمان کرد، سوپاسی نازداریش دەکەم هاوکارێکی باشبوو، زۆر سوودمان لەیەکتر بینی، وەك یەکتر ناسینێك بوو لەرێگای گۆرانییەك.

*** ئایا لەو گۆرانییە هاوبەشەت پەشیمان نیت؟**

- هەرگیز لە هیچ کارێکی خۆم پەشیمان نیم.

*** ئەگەر جارێکی تر داوای گۆرانی هاوبەشیت لێ بکەن ئامادەی بیکەی؟**

- ئەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی ئەوکەسە لەگەڵ دەنگی من، ئەگەر دەنگمان لەیەك نزیك بوو، توانیمان خزمەتێك بکەین بۆ نا؟

*** چەند جارێك خەڵات کراوی هەستناکەی ئەو خەڵاتانە ئەرکیان قورس کردووی؟**

- بێگومان تۆ خەڵاتێك یان مەدالیایەك وەردەگری، ئەرکی سەرشانت قورستر دەبێ، چونکە دەبێ کاری جوانتر لەجاران بکەی، بەرپرسیاریەتیت دەکەوێتە ئەستۆ، بەرپرسیاریەتییەکە قورسترە لە خەڵاتەکە.

*** ئەی لەبواری حەیران هەوڵت نەداوە؟**

- حەیران وەکو مەقام دەزانم، کە مەقامی بەیاتە، بەڵام شێوەی وتنو دەربڕینی وشەکانی تایبەتە بەکەسی حەیرانبێژ، کە گوێ لەحەیران دەگرم هەست بە ساتێکی تایبەت دەکەم، زۆریش حەز لەدەنگی (حەسەن حەیرانو تەنیا عارەب) دەکەم، هەروەك ئێستاکە (ئەمیری حەسەن حەیران) لەهەوڵی ئەوە دایە فێری حەیرانم بکات.

*** تائێستا گۆرانیت بۆ شارەکەت رواندوز گوتووە یان نا؟**

- من نامەوێ خۆم بەشارێك ببەستمەوە، هەوڵدەدەم خزمەتی هەموو لایەکی کوردستان بکەم، بەڵام بۆ هەولێر بە پێویستی دەزانم چونکە پایتەختەو خەڵکێکی زۆر چاویان لەهەولێرەو روو لەوشارە دەکەن.

*** هەست ناکەی ئەو بەهرەیەی هەتە بەشێك لەئازادییەکانی لێ داگیرکردووی؟**

- بەڵێ زۆر لەئازادییەکانی بردووم، زۆر شت هەیە دەمەوێ بیکەم ناتوانم کە تایبەتە بەخۆم.

*** ئایا هاوسەری ژیانت دەست نیشانکردووە؟**

- تازە هاوسەری ژیانم دەست نیشانکردووە واتە هەفتەی رابردوو مارەم کردووە، قوتابییە لەگەڵ خۆم لە زانکۆ، حەزیش ناکەم ناوەکەی ئاشکرا بکەم چونکە من بوویمە قوربانی با ئەو نەبێتە قوربانی.

*** دوا وتەت؟**

- هیوادارم مەخموور هەر ئاوەدان بێ ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنەوە سەر کوردستان، یەکەم جارم بوو بێم بۆ مەخموور، لێرە شتی جوانم دیت، خەڵکی بەرێزم دیت، هیوادارم ئەمە دواجارمان نەبێ بۆ مەخموور پێم خۆشە بە ئاهەنگو کۆنسێرت بێمەوە مەخموور.

## حەزدەکەم گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بڵێمەوە

# لەسەر ماچێك کەوتنە زیندان



دەنگی مەخموور- فەرفیش

لەسەر ماچ کردنێك لەشوێنێکی گشتیدا، دادگای دوبەی سزای مانگێك زیندانیکردن بۆ ژنو پیاوێکی بەریتانی دەرکردو بەپێی بڕیارەکەی دادگا دەبێت دوای تەواوبوونی سزاکەیان وڵاتی ئیماراتیش جێبهێڵن.

راپۆرتە هەواڵییەکان بڵاویانکردۆتەوە، دادگای دوبەی ئەم سزایەی بۆ ئەو دوو هاوڵاتییە بەریتانیایە دەرکردووە، بە تاوانی ئەوەی ئەو ژن و پیاوە بەریتانییە بەسەرخۆشی لەیەکێك لەشوێنە گشتییەکانی ئەو شارە یەکتریان ماچ کردووە، ئەمەش دوای ئەوەی ئافرەتێکی ئیماراتی سکاڵای لەسەر تۆمارکردوون کە گوایە منداڵەکەی ئەم رەفتارەی بینیوە. لەناوەڕۆکی بڕیارەکەی دادگای دوبەی هاتووە، لەسەر حاڵەتی مەستییەکەیان بە بڕی (١٠٠٠) درهەمی ئیماراتی کە دەکاتە ٢٧٢ دۆلار سزا دراون، چونکە بەشێوەیەکی نایاسایی (مەی)یان خواردۆتەوە، بەڵام لەسەر ماچەکە دوای تەواوبوونی ماوەی زیندانی بوونیان، دەبێت وڵاتی ئیمارات جێبهێڵن. لەمبارەوە ماڵپەڕی رۆژنامەی (گۆلف نیوز) بڵاویکردۆتەوە کە پارێزەری ئەو ژنو پیاوە بەریتانیایە ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە کە دادگا رازی بکات بەوەی سزاکەیان سووك بکات.

جێی ئاماژەیە بەپێی راپۆرتەکان، لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی بەمدوایەدا ئەمە سێهەمین حاڵەتە کە خەڵکانی بیانی لە وڵاتی ئیمارات رووبەڕووی سزاو زیندان دەکرێنەوە بەهۆی شکاندنی یاسای ئەخلاقی ئەو وڵاتە.

# ماڵپەڕێکی ئێرانی عەزیز وەیسی تاوانبار دەکات



ماڵپەری تابناك کە ماڵپەری رەسمی موحسین رەزایی فەرمانەدەی سوپای پاسدارانی ئێرانی ناودەبرێت، لەراپۆرتێکی تایبەتی خۆیدا عەزیز وەیسی تاوانبار دەکات.

سایتی فەرمی سوپای پاسدارانی ئێران لەراپۆرتەکەی خۆیدا لە هەمبەر ئامادە بوونی (عەزیز وەیسی) گۆرانیبێژی رۆژهەلاتی کوردستان لەو کەناڵە هۆشداری دەداتە بەرپرسانی ئێرانو دەڵێت "ئەوەی کە ئێمەی سەرسام کردووە ئامادەبوونی گۆرانیبێژێکی کوردی ئێران بەناوی (عەزیز وەیسی) لەو کەناڵە لەکاتێکدا ناوبراو لەوڵاتی ئێران دادەنیشێت" تابناك لەدرێژەدا وەیسی بەوەرگرتنی پارەی خەیاڵی لەو کەناڵە تۆمەتبار دەکات.

شایەنی باسە عەزیز وەیسی یەکێکە لەگۆرانیبێژە ناسراوەکانی کوردو ستایلێکی تایبەتی خۆی هەیەو لەهەمانکاتدا خاوەن جەماوەرێکی هونەری زۆرە، عەزیز وەیسی کە ئێستا بۆ کلیپکردنی گۆرانییەك لە ئەوروپایە، ئەمجارە لەگەڵ گۆرانیبێژی باکووری کوردستان نارینا کوردی گۆرانییەك بەهاوبەشی هەردوو گۆرانیبێژ تۆمار دەکات.

# زەردەخەنەی کاترینا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا



ساڵانە لەشاری بۆمبای وڵاتی هندستان پێشبڕکێیەکی فراوان بۆ هەڵبژاردنی خاوەن جوانترین زەردەخەنە ئەنجام دەدرێت، لەساڵی رابردوو کچە ئەکتەری هیندی کاترینا کایف توانی نازناوی ئەم پێشبڕکێیە بەدەست بهێنێت.

ئەم ساڵیش هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە کچە ئەکتەرە ناودارەکانی هیندستان بەشداربوون ئەوانەی بە جوانی بەناوبانگن وەکو بریانکا شۆبرا، فەریدا بینتۆ، لەیلا رۆواس، کاترینا کاپور،و بیباشا باسۆ، لارا دۆتاو ئیشواریا رای و چەندانی دیکەش، بەڵام بەر لەدەستپێکردنی پێشبڕکێیەکە کاترینا پاڵێوراو بوو بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە، ئەوە بوو لەکۆتاییدا توانی سەرنجی هەموو لایەك بۆ لای خۆی رابکێشێتو ببێتە خاوەنی نازناوی سەرنجڕاکێشترین ئافرەتی بۆلیۆد.

# هونەری کوردی هەنگاوێك بۆ پێشەوە هەنگاوێك بۆ دواوە

کامەران مەخمووری

هەموو بوارێکی ژیان پەیامێکی تایبەتیو سەرەکی تێدا بەرجەستە دەبێت، لەم نێوەندەدا هونەر وەکو هەر بوارێکی دیکە توانییەتی جیهانگەرایی بۆ خۆی دروست بکات. هونەر بەهەموو شێوازو جۆرەکانی وەکو (سینەماو گۆرانیو فیلمو سینەماو شێوەکاری...هتد) توانیویەتی پانتایەکی فراوان لەجیهانی ئەمڕۆدا بهێنێتە کایەوە. بەجۆرێك هونەر تەنیا لەو قاڵبو پەیامەی جارانی نەماوەو بەرەو چەندین ئاڕاستەی دیکە قووڵ بوەتەوە. ئەوەی لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی بۆ بدەم قسەکردنە لەسەر هونەری کوردی بەهەردوو لایەنی ئیجابیو سەلبیەکەیەوە، بەتایبەت لەوبەشەی باشووری کوردستانو لەدوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١وەوە تادەگاتە ئەمڕۆکە.

ئەگەر سەرنج بدەینە سەرجەم ئەورەخنەو تێبینانەی لەبارەی هونەری کوردیو ئاستی هونەری کوردی دەگیرێت هەروەك هەندێك پێیانوایە بەرەو ئاقارێکی نادیار هەنگاو دەنێتو، هەندێکیش ئاستی گەشەکردنی هونەری کوردی زۆر بە سستی دەبینن بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کە نەمانتوانیوە بگەینە ئاستی هیچ کام لەو وڵاتانە. هەروەها رەخنە لەوە دەگیرێت کە پاڵپشتی هونەری وەکو پێویست نییەو لایەنەبەرپرسو تایبەتمەندەکانی هونەر تۆمەتبار دەکرێن، جگە لەمەش ناسەقامگیری بارودۆخی کوردستان لەڕووی سیاسیو ئابووریو هەروەها نەبوونی کیانێکی سەربەخۆ بە لەمپەرێکی دیکە دەزانرێت لەبەردەم پێش نەکەوتنی هونەری کوردی!.

هەموو ئەم هۆکارانەی باسمان کرد کەمو زۆر کاریگەرییان بەسەر رەوەشی هونەری کوردییەوە هەیە، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەشدا کۆمەڵێ هەنگاوی باش نراوە هەروەك دەبینین کۆمەڵێ بەرهەمی هونەری بەتایبەت لەبواری فیلمی سینەمایی توانیویانە تەکانێکی باش لەوبوارەدا بدەن، چاوەڕوان دەکرێت لەداهاتوودا کۆمەڵێ ستۆدیۆو کۆمپانیای تایبەت بەوبوارە لەکوردستاندا بێتە ئاراوە، هەروەك ئێستاکە ژمارەیەك هونەرمەندی دەرەوەی وڵات گەراونەتەوەو بەکۆمەڵێ پرۆژەی هونەرییەوە، هاوکات لەتەك ئەمەشدا دروست بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەکەناڵی ئاسمانیو ناوخۆیی دەبنە هۆکارێکی باش بۆ پشتگیریو ناساندنی هونەری کوردی، بەڵام سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەکی هونەری لە کوردستاندا بەندە لەسەر دوو هۆکارەوە یەکەمیان بوونی هاوکاریو پشتگیری لایەنی بەرپرسو خەمخۆرانی ئەم بوارەو دووەمیشیان کەسێتی هونەرمەندە دەبێت بە لێبوردەیی وچالاکانەو ماندوونەناسانە کاربکاتو رەچاوی بارودۆخو رەوشی ئێستای کوردستانو چەندین ساڵەی ژێردەستی ئەم نیشتمانە بکات کە بەردەوام رژێمە یەك لەدوای یەکەکان لە هەوڵو کۆششی سڕینەوە نەتەوەی کوردبوونەو ئێستاش هەمان دژایەتی هەیە، دەکرێت ئێمەی کورد بەنیشاندانی هونەرێکی مۆدێرنو سەردەمیانە رەوتی کۆمەڵگاکەمان بەرەو ئاڕاستەیەکی بەرزتر هەنگاو بنێنو پەیامی هونەری کوردی رێك بخرێتو هەموو هەنگاوێکمان بەرەوپێشکەوتنو نوێخوازی بێت نەوەك وەکو ئێستا هەنگاوێك هونەری کوردی بەرەوپێشەوە دەبەینو هەنگاوێکیش بەرەو دواوەی دەبەین.

# ئەو یاریزانانەی ریال جێ دەهێڵن




**دەنگی مەخموور/** دوای کۆتایی هاتنی خولی ئیسپانیا لەتۆپی پێ، پێشبینی دەکرێ چەندین یاریزانی ریال مەدرید تیپەکەیان بەجێ بهێڵن و روو لەیانەکانی تر بکەن. رۆژنامەی مارکا کە لەمەدرید دەردەچێ بڵاوی کردووەتەوە کە یاریزانی هێڵی ناوەڕاست (گووتی) ی تەمەن ٣٣ ساڵ کە لەساڵی ١٩٩٥وە لەم یانەیە یاری دەکات دەچێتە ریزی گەلاتە سەرایی تورکی و کریستۆف میتسلدەری ئەڵمانی دوای سێ ساڵ دەچێتە شالگەی ئەڵمانی.

هەروەها ناوی یاریزانان لاسانا دیاراو مامۆدا دیاراو ریستن درێنسی لەکۆتایی خولەکە ریال جێ دەهێڵن، بەڵام چوونی رائوول گۆنزالیسی تەمەن (٣٢) ساڵ بۆ یانەیەکی ئەمریکی تائێستا روون نەکراوەتەوە.

لەلایەکی تر بەپێی ئەو راپۆرتانەی لەرۆژنامە وەرزشیەکانی ئیسپانیا بڵاوکراوەتەوە باس لەوە دەکرێت کە ریاڵ مەدرید بەنیازە گۆڵچی بەناوبانگی یانەکەی بفرۆشێت. ئەمەو هۆکاری فرۆشتنی کاسیاس بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوبراو ئاستی بەرگری لەناو گۆڵدا لاواز بووە بۆیە یانەکە بیری لەهێنانی گۆڵچیەکی تر کردۆتەوە بەڵام پێناچێت ریاڵ مەدرید کاسیاس بفرۆشێت چونکە ئەم گۆڵچیە تەمەنێکی دوورودرێژی لەیانەدا بردۆتە سەرو هەمیشە بەرزترین توانای نیشانداوە.

جگە لەوەش هەر یەك لەیاریزانان جۆنالێسی ئیسپانی و رۆیستۆنی هۆڵەندی لەوەرزی داهاتوو ریزەکانی یانەی شاهانە جێدەهێڵن و هەریەك بەرەو یانەیەکی تری ئەوروپا دەڕۆن.

# لامپارد هەموو شتێك قوربانی خۆشەویستەکەی دەکات

**هێمن گەلاڵی**




یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی ئینگلتەراو یانەی چێڵسی فرانك لامبارد چوونی بۆ ریال مەدرید بەدوور زانی. رۆژنامەی (دەیلی میرۆر)ی بەریتانی ئەوەی بڵاوکردوەتەوە کە لامباردی تەمەن ٣١ ساڵ بۆندێکی لەلایەن ریال مەدریدەوە پێ گەیشتووە، بەڵام بەهۆی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی کە لەگەڵ کرستین بلیکلی تەمەن ٣١ ساڵ هەیەتی ناتوانێ ئینگلتەراو چێڵسی جێ بهێڵێ بۆیە ئەو بۆندەی رەتکردەوە.

رۆژنامەکە ئەوەی بڵاوکردووەتەوە کە ئەگەر راهێنەری ئێستای چێڵسی جۆزیە مۆرینیۆ بچێتە ریال ئەوا بۆندێکی ٣٠ ملیۆن جونەیهی بۆ لامبارد ئامادە کردووە، چونکە لامبارد سەرنجی مۆرینیۆی راکێشاوە. بەڵام لامبارد ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە ناتوانێ کرستین جێ بهێڵێ چونکە کرستین پێشکەش کارە لەتەلەفزیۆنی بەریتانی و سەرکەوتووە لە کارەکەی، بۆیە ئامادە نییە کارەکەی جێ بهێڵێ و ئەمەش بووەتە بەربەست لەڕێگەی لامبارد بۆ چوونی بۆ ریال مەدرید.

هەروەها لەم بارەیەوە هاورێیەکی نزیکی لامپارد بەو رۆژنامەی راگەیاندووە "هەرچەندە بریاروایە خۆزیە مۆرینیۆ ببێتە راهێنەری ریال مەدرید بەڵام زۆر زەحمەتە لامپارد قوربانی بەو کچە بدات، ئەو دەیەوێت ئەمجارە هەموو شتێك بەقوربانی خۆشەویستە نوێیەکەی بکات".

# هەواڵە وەرزشیەکان

**عەبدولرەحمان ئادەم**

## گوڵستان مەحمود دوو ملوانکەی لە پاڵەوانیەتی عەرەبی بەدەستهێنا

لەپاڵەوانیەتی لاوانی وڵاتانی عەرەبی کە لەوڵاتی میسر بەڕێوەدەچێت کچە راکەری شاری هەولێر (گولستان مەحموود) توانی لەڕاکردنی ٤٠٠ مەتر ملوانکەی زێر بەدەست بهێنێت، هەروەها لەڕاکردنی ٢٠٠ مەتر ملوانکەی زیو لە مل بکات، ئەمەش لەکاتێك هات کە گوڵستان لەگەڵ هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی لاوانی عێراق بەشداری لەو پاڵەوانیەتیە کرد.

## پاڵەوانیەتی پێنجینەی وڵاتانی عەرەبی لەشاری هەولێر بەرێوەدەچێت

بە بەشداری کردنی هەشت هەڵبژاردەی وڵاتانی عەرەبی بڕیار وایە لەمانگی تەمووزدا لەشاری هەولێر پاڵەوانیەتی پێنجینەی نۆیەکانی وڵاتانی عەرەبی ئەنجام بدرێت، بەسەرپەرشتی یەکێتی پێنجینەی عێراق بەهاوکاری لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان.

## مۆرینیۆ باشترین راهێنەری جیهانە

راهێنەری یانەی ئەنتەرمیلانی ئیتالی خۆزێ مۆرینیۆ لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە بە باشترین راهێنەری جیهان دەستنیشانکرا. بەئامادەبوونی ٢٠٠ رۆژنامەنووس لە ٩٦ وڵات لەشاری ئەنتالیای تورکی مۆرینیۆ بەرێژەی ٣٦٪ی دەنگەکان بەباشترین راهێنەری جیهان دەست نیشانکرا، دوای ئەو ئەلێکس فێرگسۆنی راهێنەری مانجستەر یونایتد دێت، ئینجا هەریەك لە فابیۆ کابیلۆ، مارچیلۆ لیپی، کارلۆس دۆنگا، بێلسای ئەرجەنتینی، ڤان گاڵی هۆڵەندی دێن.

## ڤیا بەرەو بەرشلۆنە

پێش هاتنی مۆندیالی ٢٠١٠ی باشووری ئەفریقا یاریزانی یانەی ڤالنسیای ئیسپانی و هەڵبژاردەی ئیسپانیا (داڤید ڤییا) پەیوەندی بە یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی دەکات هەروەك رۆژنامەکانی هەرێمی کاتالۆنیا ئەوەیان بڵاوکردۆتەوە کە وەرزی داهاتوو ڤییا هاوشان لەگەڵ میسی و هاورێکانی یاری بۆ بەرشە دەکات.

# بوفۆن دەچێتە مانچستەر یونایتد

**هێمن گەلاڵی**




بەشێوەیەکی کتوپر گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئیتالیاو یانەی یۆڤانتس (جانلویجی بوفۆن) ئاشکرایکرد کە رازیبووە بەگواستنەوەی بۆ یانەی مانچستەر یونایتد بەرامبەر ٢٠ ملیۆن پاوەندو نیمانیا ڤیدیج بۆ پیرێژنەکانی ئیتاڵیا.

لەگەڵ ئەوەی یۆڤانتس هەمووکات دووپاتی کردۆتەوە گۆڵپارێزەکەیان نافرۆشن، بەڵام هەرەس هێنانیان لەسەرکەوتن بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا پێدەچێت بڕیاری یانەکەی گۆڕی بێت.

بوفۆن لەوبارەیەوە رایگەیاند "بڕیاردانم پەیوەندی نییە بە سەرکەوتن بۆ خولی یانە پاڵەوانەکان، بەڵام لە ئێستا درێژە بەیاریکردن دەدەین با بزانین تاوەکو کۆتایی وەرز چۆن دەبێت، بەڵام توتۆ سپۆرت ئاماژەی بەوە کردووە بوفۆن رەزامەندی خۆی نیشانداوەو پێناچێت یۆڤانتسیش رێگری بکەن بەهۆی بەنرخی گرێبەستەکە بەتایبەت کە بەدوای بەرگریکارێکی وەکو ڤیدیج دەگەڕێن.

# کورتەیەك لەبارەی ژیانی لیونێل میسی




ناوی تەواوی لیونێل میسی لەدایکبووی ٢٤ یۆنیۆی ١٩٨٧ لەشاری روزاریۆی ئەرجەنتینی هەر لەتەمەنی منداڵییەوە خولیای یاری توپی پێ بووەو هەر لە تەمەنی منداڵی لەیانەی نیو الد بۆیس (Newell's Old Boys) یاری کردوە.

لەدوای تەمەنی ١٠ ساڵی یاریزان میسی باڵای لەمەتریك و یانزە سانتیم بەرزتر نەبووە دوای پشکنینی پزیشکی وا دەردەکەویت کەوا هۆرمۆنەکانی لەشی وەکو پێویست نییە لەهەمان کاتدا هیچ یانەیەك ئامادە نەبووە هاوکاری ئەو یاریزانە بکات پاش ئەوە باوکی هەڵدەستێت میسی دەبات بۆ ئیسپانیاو لەوێش بۆ یانەی بەرشەلۆنەی کەتەلۆنی پاش بشکنینی پزیشکی لەلایەن یانەی ناوبراو رەزامەندی خۆی نیشان دەدات بۆ چارەسەرکردنی و هەموو پێدوایستییەکانی تەندروستی دەگریتە خۆی.

یەکەم یاری یاریزان میسی کە بۆ بەرشەلۆنەی ئەنجام دابێت لەوەرزی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ بوو بۆ لاوانی یانەی بەرشە بووەو، یەکەم یاری بۆ یانەی بەرشەلۆنەی کەتەلۆنی لەخولی پلە یەکی ئیسپانی لەتەمەنی (١٧) ساڵیدا بوو بەرامبەر یانەی باسیتی، لەو یاریەدا وەکو یاریزانێکی پڕ ئەزموون و لێهاتوو لەنێو جیهانی وەرزشی تۆپی پێ بەدیارکەوت لەساڵی ( ٢٠٠٧) وەکو یاریزانیکی سەرەکی هاتە نیو پێکهاتەی سەرەکی یانەکەو میسی تائێستا لەیاری کلاسیکۆی نێوان بەرشەلۆنەو ریال مەدرید خاوەنی ( ٦ ) گۆلە، هەروەها خاوەنی یەکێك لەجوانترین گۆلەکانی جیهانە بەرامبەر یانەی خیتافی هاوشیوەی گۆلی یاریزان دیکۆ مارادۆنایەو هەروەها توانی هەمان ئەو گۆلەی مارادۆنا دووبارە بکاتەوە کە بەدەستکردی و، یەکەم یاریزانی یانەی بەرشلۆنەیە کە بتوانی لەتەمەنێکی بچوك (١٠٠) یاری بۆ بەرشەلۆنە ئەنجام دابێت، لەوەرزی (٢٠٠٨-٢٠٠٩) لەجامی یانەکانی ئەوروپا توانی ببێتە گۆلکاری خولەکە بە (٦) گۆل و هەروەها بەباشترین یاریزانش دەستنیشان کرا، لەساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بەژداربوو لەجامی جیهانی لاوان و گۆلکاری خولەکە بوو بە (٦) گۆل و بەباشترین یاریزانیش دەستنیشان کراو توانی جامەکە بۆ وڵاتەکەی بباتەوە. هەروەها بەشدار بووە لەجامی جیهانی (٢٠٠٦) لەئەڵمانیادا.

هەروەها لەوەرزی ئەمساڵی خولی تۆپی پێی ئیسپانی تائێستا بە گۆڵکاری یەکەمی ئەم خولە دێت و، توانیویەتی ٣ جار هاتریك تۆمار بکات، بێجگە لەمەش لە چامپیۆنسلیگدا خاوەنی سوپەر هاتریکە.

دەسکەوتەکانی یاریزان لیونیل میسی لەگەڵ یانەکەی و وڵاتەکەی

١- خولی ئیسپانی (٢٠٠٥- ٢٠٠٦- ٢٠٠٩).
٢- جامی سوپەری ئیسپانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦.
٣- جامی یانەکانی ئەوروپا ٢٠٠٦ و ٢٠٠٩.
٤- بەدەستهێنانی جامی ئیسپانیای ٢٠٠٩ و چەندین دەستکەوتی دیکە.

عومەر سەلیم یاریزانی دێرینی شاری هەولێر

# تەمەنی پەنجاو شەش ساڵە بەردەوامە لە یاری کردن

**عەبدولرەحمان ئادەم**

عومەر سەلیم یاریزانی دێرینی تۆپی پێ شاری هەولێر لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤، ئێستا لەوڵاتی کەنەدا ژیان بەسەر دەبات، خاوەنی یەك منداڵە بەناوی (هەرمان)، بۆ ماوەی زیاتر لەبیست ساڵ لەرێزی هەڵبژاردەی هەولێرو یانەی هەولێر وەك یاریزانێکی دیارو بەتوانا یاری کردووە، چەندین ساڵ سەرۆکی تیپ بووەو لەگەڵ تیپەکانی ئەوکات چەندین نازناوی گرنگی بەدەست هێناوەو رۆڵێکی سەرەکی هەبووە لەپێکهاتەکانی تیپەکانی ئەوکات کە گرنگترینیان بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانیەتی کۆمار (بطولة الجمهورية) بوو لەسەر ئاستی عێراق لەساڵی ١٩٨٤دا.

عومەر سەلیم یاریزانی ناسراوی هەولێر ئێستاش کە تەمەنی پەنجاو شەش ساڵە بەردەوامە لەیاری کردن، لە کاتی گەڕانەوەی وەك سەردانێك بۆ شاری هەولێر لەیاریگای چیمەنی دەستکردی هۆلی زەرد چاومان پێکەوت کە لەگەڵ تیپی یاریزانە دێرینەکان یارییەکی دۆستانەی ئەنجامدا کە لەهێلی بەرگری یاری دەکرد جولانەوەیەکی بەرچاوی پێوە دیاربوو، و توانای جەستەیی زۆر باشی هەبوو لەیاری کردن هەروەك خۆی دەڵێت "لە هەندەران ئێستاش بەردەوامم لەیاری کردن لەگەڵ تیپە بەتەمەنەکان بەشێوەیەکی رێك و پێك یاری و مەشقەکان ئەنجام دەدەم و لەهەمان کاتیش ڕاهێنەری تیپی کچانم".

ئەم یاریزانە دڵخۆشی خۆی نیشاندا بە بوونی تیپی یاریزانە دێرینەکان کە هەموو رۆژی چوارشەمەیەك لەیاریگای




هۆڵی زەرد کۆمەڵە یاریزانێکی دێرینی شاری هەولێر یاری ئەنجام دەدەن. لەکۆتایشدا عومەر سەلیم گوتی "هیوادارم ساڵانە خولێکی تایبەت بۆ یاریزانە بەتەمەنەکان ئەنجامبدرێت و زیاتر بایەخیان پێ بدرێت".

مۆبایلی سەرنووسەر
٠٧٥٠ ٤٦٥ ٥٤٦٣
دەستەی نووسەران
خەلیل پالانی
عەبدولرەحمان ئادەم
پەیامنێران
جەلال خەیلانی - چریکە مەخمووری
کارزان غەمگین - هەڵمەت فاخیر
ناونیشان
کوردستان - هەولێر — مەخموور
www.mexmurpress.com